خەلیل عەبدوڵڵا

# شێوەکانی
# بەدەستهێنانی مافی چارەنوس

ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران
سلێمانی ـ ٢٠١١

شێوەکانی بەدەستهێنانی مافی چارەنوس
خەلیل عەبدوڵڵا
بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران
سلێمانی ـ ٢٠١١
ژمارەی سپاردنی بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان (٢٠٥١ ) ساڵی ٢٠١١
لە دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی چاپکراوە
دیزاین: ئەمیرە عومەر
تیراژ: ( ٤٠٠٠ )
ژمارەی زنجیرە: (٣٧)

www.pukhoshiari.com
info@pukhoshiari.com

## ئەكادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی كادیران

دامەزراوەیەكی كەلتورییە بەپێی بڕیاری كۆنگرەی سێی ساڵی ٢٠١٠ ی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان دامەزراوە، ئەركەكەی بریتییە لەدەستەبەركردنی پێداویستییەكانی هۆشیاركردنەوەی سیاسی، فراوان كردنی چوارچێوەكانی ڕۆشنبیریی گشتی، تۆكمەكردنی بەهاكانی دیموكراسیو مافی مرۆڤ و دادی كۆمەڵایەتی لەكۆمەڵدا، تاوتوێ كردنی مەسەلەكانی بیری هاوچەرخو دابینكردنی كەرەستەی پێویست بۆ پێگەیاندنی كادیران لە بوارە هەمەجۆرەكاندا.

**سەرپەرشتیاری زنجیرە: تەحسین نامیق**

# پێشەکی

زاراوەی مافی چارەنوس زاراوەیەکی کۆنەو رەگو ریشەیەکی مێژوویی هەیەو سەرەتا وەك زاراوەیەکی سیاسی دەرکەوت. دواتر شەقڵو مۆرکێکی یاسایی وەرگرت.

ئێستا چەمکێکی یاساییەو لەیاسای نێودەوڵەتی هاوچەرخدا شوێنێکی دیاری هەیەو پرنسیپێکی پابەندو گشتییە. هەموو ئەو گەلو نەتەوانە دەتوانن داواو پیادەی بکەن کە مەرجو پێوەرەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان دەیانگرێتەوە، ئەگەرچی تاماوەیەکی دوورو درێژ ئەو بۆچوونە زاڵ بوو کە



مافی چارەنوس تەنها هەرێمو وڵاتانی کۆلۆنیو وڵاتانی ژێر سایەی سیستمی راسپاردەی نێودەوڵەتیو هەرێمە نائۆتۆنۆمەکان دەگرێتەوەو ئەو گەلو نەتەوانە ناگرێتەوە کە بەشێکن لەدەوڵەتێکی سەربەخۆو دانپێدانراوو رێگەی پیادەکردنی ئەو مافەو دامەزراندنی دەوڵەتی نوێیان پێ نادرێت.

بەڵام گۆڕانکارییەکانی دوای جەنگی ساردو بایەخدان بەپاراستنی مافەکانی مرۆڤو مافەکانی گەلو نەتەوەکانی سنووری دەوڵەتانی سەربەخۆو خاوەن سەروەری، دیدو تێڕوانینی نوێیان گەڵاڵە کردو ئیدی تارادەیەك رێگە بەو گەلو نەتەوانەش درا کە بڕیاری دیاریکردنی چارەنوسی خۆیان بدەن، بەدامەزراندنی دەوڵەتی نوێی سەربەخۆشەوە. ئەوە بە وەرچەرخانێکی گرنگو گەورە لەبواری یاسای نێودەوڵەتی دادەنرێتو کردنەوەی دەرگایەکی گەورەیە بۆ هەموو ئەو گەلو نەتەوانەی لەچوارچێوەی

دەوڵەتێکی سەربەخۆدا دەژین‌و بێبەشن لەمافی چارەنوس. بەڵام ئەو مەسەلەیە هەر وا ئاسان‌و بێ کێشە نییە، بەڵکو پێویستی بەرەزامەندی دەوڵەتە خاوەن سەروەرییەکەو نەتەوەیەکگرتووەکانیش هەیە.

لەو بوارەدا دەتوانین گەلی کۆسۆڤۆ بە نموونە بهێنینەوە کە بەشێك بوو لەسەروەری دەوڵەتی سربستان، بەڵام بەهۆی پێشێلکاری سامناکی مافی مرۆڤ و کۆمەڵکوژی کەلەدژی ئەنجام درا، لەساڵی ٢٠٠٨ پەرلەمانی وڵاتەکەی یەکلایەنە بڕیاری جیابوونەوەو راگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆی داو دادگای دادی نێودەوڵەتیش پشتیوانی کردو بەبڕیارێکی گونجاوی دووتوێی یاسای گشتیی نێودەوڵەتی لەقەڵەم داو تا ئێستا ٦٩ دەوڵەتی جیهان دانیان بەدەوڵەتی نوێی کۆسۆڤۆدا ناوە. بەڵام دەوڵەتی سربستان‌و رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان دانیان بەسەربەخۆیی ئەو دەوڵەتە نوێیەدا نەناوە. ئەوەش ئاستەنگێکی گەورەیە



بۆ بەرەسمی ناسینی ئەو دەوڵەتە. ئەمەش ئەو راستییە دەردەخات کە راگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆ کارێکی قورسەو پێویستی بەرەزامەندیی دەوڵەتە خاوەن سەروەرییەکەو نەتەوەیەکگرتووەکانیش هەیە.

لەم لێکۆڵینەوەیەدا لەرووی تیۆرییەوە تیشکمان خستۆتە سەر مافی چارەنوس‌وشێوەکانی بەدەستهێنان‌و جێبەجێکردنی ئەو مافەمان رونکردۆتەوە. هەر لەو چوارچێوەیەدا ئاماژەمان بەخەباتی گەلانی وەك (کورد، چیك‌و سلۆڤاك، باشوری سودان، بیابانی خۆرئاوا، فەلەستین) کردووە کە بە چ شێوازێك هەوڵی بەدەستهێنانی مافی چارەنوسیان داوە.

## یەکەم: پێناسەی مافی چارەنوس

تا ئێستا زانایان‌و پسپۆرانی بواری یاساو سیاسەت لەسەر پێناسەیەك بۆ مافی چارەنوس رێنەکەوتون‌و

هەریەکەیان لەدیدو تێڕوانینی خۆیەوە پێناسەی کردووە.

لینین بەم شێوەیە پێناسەی مافی چارەنوسی کردووە (دیاریکردنی چارەنوسی نەتەوەکان بەمانای جیابوونەوەی سیاسی ئەو نەتەوانە لەگروپە نەتەوەییەکانی ترو دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی سەربەخۆ دێت)[١].

رێکەوتننامەو بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکانو کۆمەڵەی گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان لەساڵی ١٩٥٠ەوە لەسەر ئەم پێناسەیە بۆ مافی چارەنوس کۆکن کە دەڵێت: (ماڤی چارەنوس مافی گەلانە بەئازادی چارەنووسی سیاسییان دیاری بکەنو چاودێریی گەشەپێدانی ئابووری‌و کۆمەڵایەتی‌و رۆشنبیری یان بکەن)[٢].

ئینسکلۆپیدیای جیهانی سیاسەت ئەم پێناسەیەی بەگونجاو داناوە (ماڤی چارەنوس بەمانای دابینکردنی



ئازادی تەواو بۆ هەموو نەتەوەیەك دێت بۆ دیاریکردنی چارەنووسی سیاسی‌و بەڕێوەبردنی کاروباری ناوخۆیی دوور لە هەژمونی لایەنە نێودەوڵەتییەکان)[٣].

بەڕای ئێمە گونجاوترین پێناسە بۆ مافی چارەنووس ئەمەیە (مافی چارەنوس مافی هەموو گەلانە کە بەوپەڕی ئازادییەوە باری یاسایی دەستووری‌و نێودەوڵەتییان بەپێی بنەماکانی یاسای گشتیی نێودەوڵەتی دیاری بکەن کە لەگەڵ بەرژەوەندییەکانیاندا بگونجێت)[٤].

## دووەم: مێژووی سەرهەڵدانی چەمکی مافی چارەنوس

هەندێ پێیان وایە کەسەرەتای سەرهەڵدانی چەمکی مافی چارەنوس دەگەڕێتەوە بۆ شەڕی نێوان ئیسپانیاو نیزرلاند (١٥٦٦ ـ ١٦٠٩) کەنیرزلاند لەئیسپانیا جیابۆوەو دەوڵەتی نیشتمانی خۆی دامەزراند.

بەڵام زۆربەی شارەزایان پێیان وایە کەچەمکی مافی چارەنوس لەهەردوو شۆڕشی ئەمریکا (١٧٧٦)و شۆڕشی فەرەنسا (١٧٨٩) سەرچاوەی گرتووە.

زۆربەی لێکۆڵەرەوان لەسەر ئەوە کۆکن کە پرنسیپی مافی چارەنوس لەکاتی جەنگی یەکەمی جیهانیو دوای کۆتایی هاتنی جەنگەکە پێشکەوتنی بەرچاوی بەخۆوە بینیوە، بەشێکی زۆری لێکۆڵەرەوان پێیان وایە ئەو پرنسیپە لەو کاتەدا بەتەواوی دەرکەوتووە، بەڵام جیاوازی دیدو بۆچوون هەیە سەبارەت بەدامەزرێنەری ئەو پرنسیپە، هەندێ پێیان وایە کەشۆڕشی بەلشەفی لەئۆکتۆبەری ١٩١٧و رابەرەکەی لینین رۆڵی دیارو پێشەنگیان لەبەرجەستەکردنی ئەو پرنسیپەدا هەبووەو لینین بیروبۆچوونەکانی خۆی سەبارەت بەمافی چارەنووس پێش سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەری ١٩٧١ نووسیوەو لەشوباتی ١٩١٤ نوسینێکی



بەناوو نیشانی (مافی نەتەوەکان لەدیاریکردنی چارەنووسیاندا) نووسیوەو لەساڵی ١٩١٦شدا نووسینێکی تری بەناو نیشانی (کورتەی گفتوگۆ سەبارەت بەمافی چارەنوس) نووسیوە، لینین لەو نووسینانەدا لەرووی تیۆرییەوە پشتگیری کردووە لەمافی چارەنووسی گەلانو ئاماژەی بەوە کردووە کە ئەو مافە دەرفەت بەهەموو نەتەوەکان دەدات کە لەژێر سایەی دەوڵەتی نەتەوەییدا یەك بگرن.

بەڵام هەندێ لێکۆڵەرەوەی تر پێیان وایە کەودرۆولسنی سەرۆکی ئەو کاتەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا رۆڵی دیاری لەخستنەڕووی ئەو پرنسیپەدا هەبووەو لەدوای جەنگی یەکەمی جیهان پرۆژەو وتارەکانی ودرۆ ولسن لەلایەن گەلانی ژێر دەستو رزگاربووەوە بەگەرمی پێشوازی لێکرا، چواردە بەندەکەی ودرۆولسن کە لەوتاری رۆژی ١٨ی کانوونی دووەمی ١٩١٨دا وەك بنچینەی ئاشتبوونەوە

لەگەڵ دەوڵەتانی دۆڕاوی جەنگدا راگەیەنرا، سەداو دەنگدانەوەی باشی هەبوو.

### سێیەم: کۆمەڵەی گەلان و پرنسیپی مافی چارەنوس

ئەگەر بەوردی سەیری ماددەو بڕگەکانی دەستووری کۆمەڵەی گەلان بکەین، دەبینین دەقێکی تێدا نییە بەروونیو راشکاوی باسی پرنسیپی مافی چارەنوس بکات، بەڵام لێکۆڵەرەوانو پسپۆرانی بواری یاسا باسی ئەوە دەکەن کەچەند ماددەو بڕگەیەکی دەستووری کۆمەڵەی گەلان بەشێوەیەکی ناراستەوخۆ ئاماژە بەپرنسیپی مافی چارەنوس دەکات، لەوانە قەدەغەکردنی مافی دەست بەسەراگرتنو دانانی سیستمی پاراستنی کەمینەکانو دامەزراندنی سیستمی ئینتداب (کەوەك قۆناغی گواستنەوە بۆ سەربەخۆیی سیاسی گەلانی ژێر سایەی ئینتداب سەیر دەکرێ)، هەندێکی تر پێیان وایە کەسیستمی ئینتداب خۆی



لەخۆیدا جێبەجێکردنی پرنسیپی مافی چارەنووس بووە، ئەوە بێجگە لەوەی کەکۆمەڵەی گەلان بەشێوەیەکی پراکتیکی مافی چارەنووسی لەچەند حاڵەتو لەچەند وڵاتێکدا کەسەربەخۆییان وەرگرتووە پیادە کردووە.

هەروەها کۆمەڵەی گەلان چەندین ئاڵوگۆڕو گۆڕانکاری هەرێمی لەسەر بنچینەی پرنسیپی مافی چارەنوس کردووە، بەڵام لەگەڵ ئەوانەشدا کۆمەڵەی گەلان داخوازیی هەندێ گەلانی ژێر دەستو چەوساوەی سەبارەت بەدیاریکردنی مافی چارەنووسییان رەتکردۆتەوە.

### چوارەم: نەتەوە یەکگرتووەکان و پرنسیپی مافی چارەنوس

ئەگەرچی دەستووری نەتەوە یەکگرتووەکان (١١١) ماددەی لەخۆگرتووە، کەچی تەنها دووجار

بەشێوەیەکی راستەوخۆو راشکاو باسی پرنسیپی مافی چارەنوسی کردووە.

لەبەندی یەکەمی دەستوورو لەئامانجەکانی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بەم شێوەیە باسی مافی چارەنوس کراوەو تیایدا هاتووە (پەرەپێدانی پەیوەندی دۆستانەی نێوان گەلان لەسەر بنەمای رێزلێنان مافەکانیان بەمافی چارەی خۆنۆسیندیانەوەو گرتنە بەری هەر رێبازێکی شیاو بۆ بەرجەستەکردنی ئاشتی).(٥)

بەندی نۆیەمی دەستووری نەتەوە یەکگرتووەکان کە بۆ روونکردنەوەی هاریکاری نێودەوڵەتی لەرووی ئابووریو کۆمەڵایەتی تەرخانکراوە ئاماژە بەوە دەکات کەرێو شوێنەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لەو بوارەدا پشت بەخواستی زەمینە خۆشکردن بۆ جێگیریو خۆشگوزەرانی دەبەستێ کە پێویستن بۆ بەستنی پەیوەندی ئاشتیخوازانە لەنێو نەتەوەکان کە لەسەر



ئەو پرنسیپە بنیات نرابێ کە کار بۆ بەرز راگرتنی مافەکانی گەلان دەکات بەوەی کەهەریەکەیان مافی چارەنوسی خۆیان هەبێ.

هەروەها لەدیباجەی دەستووری نەتەوە یەکگرتووەکاندا ئاماژە بەوە کراوە کە گەلانی نەتەوەیەکگرتووەکان سەر لەنوێ جەخت لەباوەڕی خۆی دەکاتەوە بۆ دابینکردنی مافە بنچینەییەکانی مرۆڤو شکۆمەندی تاك بەژنو پیاوو نەتەوەکان بەگەورەو بچوکیانەوە.

بەڕای شارەزایانی بواری یاسا، دانانی بەیەکسانی گەلان بەچاوپۆشین لەقەبارەو گەورەو بچوکی، ناراستەوخۆ داننانە بەمافی چارەنوسینی ئەو گەلانەدا.

هەندێ کەس رەخنە لەوە دەگرن کەدەستووری نەتەوە یەکگرتووەکان لەو ماددەو بڕگانەی پەیوەندی بەسیستمی راسپاردەی نێودەوڵەتیو ئەو هەرێمانەی کە حوکمی زانیان نییە، بەشێوەیەکی روونو راشکاو باسی

پرنسیپی مافی چارەی خۆنووسینی نەکردووە دەستەواژەی حوکمی زاتی لەجیاتی مافی چارەنووس بەکارهێناوە، بەڵام بەبڕوای چاودێرانی بواری یاسای نێودەوڵەتی دەستووری نەتەوەیەکگرتووەکان ئەو دوو مەسەلەیەی بەئامانجی ئەوە خستۆتە ڕوو کەبەشێوەیەکی ناراستەوخۆ جەخت لەبەرژەوەندی‌و خواستی گەلانی ئەو هەرێمانە بکاتەوە بۆ گەیشتن بەمافی چارەنوس.

زۆر لەتوێژەرانی بواری یاسا سەرنج‌و تێبینی ئەوەیان هەیە کە دەستووری نەتەوە یەکگرتووەکان بەشێوەیەکی خێرا راگوزاری باسی پرنسیپی مافی چارەنوسی کردووەو مافی خۆی نەداوەتێ، ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کەدەقەکانی دەستووری نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بەمافی چارەنوس وەك پێویست نەبێ‌و بەتەواوی خواستەکانی گەلان بۆ بەرجەستە بوونی ئەو مافە بەدی نەهێنێ، هەربۆیە



چەندین ڕێکەوتننامەی نێودەوڵەتی‌و هەرێمی‌و چەندین بڕیارو راگەیاندنی کۆمەڵەی گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان سەبارەت بەمافی چارەنوس دەرچوون بۆ پڕکردنەوەی درزو کەلینەکانی دەستووری نەتەوە یەکگرتووەکان لەوانە (جاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ لەساڵی ١٩٤٨، راگەیاندنی پاکتاوکردنی کۆلۆنیالیزم لەساڵی ١٩٦٠ ، هەردوو پەیماننامەی نێودەوڵەتی مافەکانی مرۆڤ لەساڵی ١٩٦٦، راگەیاندنی پرنسیپەکانی یاسای نێودەڵەتی (١٩٧٠)، بەڵگەنامەی هلسنکی ساڵی ١٩٧٠، راگەیاندنی جەزائیری ١٩٧٦و بەڵگەنامەی بانجولی ١٩٨١).

لەبەر ڕۆشنایی دەستووری نەتەوە یەکگرتووەکان‌و ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتی‌و هەرێمایەتییەکاندا کەپێشتر ئاماژەمان پێکردن، دەگەینە ئەو راستییە کە پرنسیپی مافی چارەنوس لەپرنسیپەکانی یاسای گشتی نێودەوڵەتی‌و بنەماکانی ئامرو ملزمەو مافێکی

مرۆیی جێگیرو بنچینەییە، بەوەش لەسەر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەگشتیو دەوڵەتانی ئەندامانی نەتەوە یەکگرتووەکان بەگشتی پێویستە کە لەرێی دامودەزگاکانی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە هاوکاری گەلان بکەن بۆ ئەوەی بەمافی چارەنووسی خۆیان شادبنو ماددەی (٥٦)ی دەستووری نەتەوە یەکگرتووەکان جەخت لەوە دەکاتەوە کەهەموو ئەندامانی نەتەوە یەکگرتووەکان دەبێ هاوکاری دامودەزگاکانی نەتەوە کگرتووەکان بکەن بۆ هێنانە دی ئامانجەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان کە لەماددەی (٥٥)ی دەستووردا دیاریکراوە.

## پێنجەم: سوبێکتی یاسایی داواکاری مافی چارەنوس

پەیماننامەی نەتەوەیەکگرتووەکانو بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکان بەڕوونیو راشکاوی ئاماژەیان بەمافی چارەنوس کردووە. بەڵام میکانیزمی داواکردن و



پیادەکردنی ئەو مافەیان دیاری نەکردووە. لەبەرئەوە زانایانو پسپۆرانی بواری یاسای گشتی نێودەوڵەتی دیدو تێڕوانینی جیاوازییان سەبارەت بەو مەسەلەیە هەیە.

هەندێکیان رایان وایە کەمافی چارەنوسی دوو توێی بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکان تەنها هەرێمو وڵاتانی کۆلۆنیو وڵاتانی ژێر سایەی سیستمی راسپاردەی نێودەوڵەتیو هەرێمە نائۆتۆنۆمەکان دەگرێتەوە. بەڵام گەلونەتەوەکانی ناو سنووری دەوڵەتانی سەربەخۆو دانپێدانراو ناگرێتەوەو ئەو مافە مافی گەلی زۆرینەی ناوچوارچێوەی ئەو دەوڵەتانەیە.

هەندێ زانای تر رایان وایە کە پیادەکردنی مافی چارەنوس تەنها هەرێمە کۆلۆنیکراوەکان دەگرێتەوە بەمەرجێك ئەو هەرێمە چارەنووسی خۆی یەکلایی نەکردبێتەوەو نەبوبێتە بەشێك لەدەوڵەتێکی سەربەخۆی خاوەن سەروەری.

هەندێ لەزانایانو پسپۆرانی تری بواری یاسای گشتی نێودەوڵەتی رایان وایە کەمافی چارەنووس مافو پرنسیپێکی گشتییەو هەموو گەلانی ژێر دەسەڵاتو سەروەری دەوڵەتانی ئەندامی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئەو مافەیان هەیە، بەمەرجێك پێوەرەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان بیانگرێتەوە.

تەنانەت دیباجەی پەیماننامەی نەتەوەیەکگرتووەکانیش بەدەستەواژەی( ئێمەی گەلانی نەتەوەیەکگرتووەکان) دەستی پێکردووەو باسی دەوڵەتان ناکات. ئەوەش بەمانای ئەوە دێت کە زاراوەی گەلان هەموو گەلان بەشێوەیەکی گشتی دەگرێتەوە بەو گەلانەشەوە کەسەربەخۆنینو خاوەنی دەوڵەتی خۆیان نین.

ئەو بۆ چوونەی کە دەڵێت مافی چارەنوس تەنها بۆ گەلە کۆلۆنیکراوەکانو گەلی زۆرینەی ناو دەوڵەتی سەربەخۆیە. چەندین گەلو نەتەوەی بێ دەوڵەتی



ژێر دەسەڵاتی نەتەوە گەورەکان لەمافی چارەنوس بێبەش دەکات.

راستە مافی چارەنوس مافێکی گشتییە، بەڵام ئەوەش بەمانای ئەوە نییە کە بەشێوەیەکی رەها هەموو گەلو نەتەوەیەك دەگرێتەوە، بەڵکوچەند مەرجو پێوانەیەك بۆ ئەو گەلانە دانراوە کە داوای ئەو مافە دەکەن.

راپۆرتی (کریتسکۆ) کە نەتەوە یەکگرتووەکان لەساڵی ١٩٨١ بڵاوی کردەوە، چوار مەرجو پێوانەی بۆ ئەو گەلانە داناوە کە داوای مافی چارەنووس دەکەن کە ئەمانەن[٦]:

١ـ دەبێت ئەو گروپە زمان یان رۆشنبیری یان ئایینی جیاوازی هەبێت.

٢ـ دەبێت تاکەکانی ئەو گروپە هەستی مێژوویی هاوبەشیان هەبێت.

٣. دەبێت تاکەکانی ئەو گروپە پابەندبن بەپاراستنی ناسنامەی خۆیان.

٤. دەبێت گروپەکە خاوەنی هەرێمی تایبەت بەخۆی بێت.

بەپێی بڕیارەکانی ژمارە ٦٣٧ ی ١٦ی کانونی یەکەمی ١٩٥٢و ژمارە ٢٨٦٥ی ٢٠ی کانونی یەکەمی ١٩٧١ی کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان ، دەکرێت مەرجێکی تریش زیاد بکرێت ئەویش ئەوەیە کە دەبێت گەلەکە خۆی داوای پیادەکردنی مافی چارەنوس بکات بەو شێوەیەی کە بەگونجاوی دەزانێت.بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە لەو خاڵانەشدا ئاماژە بە میکانیزمی داواکردنو پیادەکردنی مافی چارەنوس نەکراوە.

لەو روانگەیەوە هەموو ئەو گەلانەی ئەو مەرجانەیان تێدایە دەتوانن داوای پیادەکردنی مافی چارەنووس بکەن، بەپێی پەیماننامەی



نەتەوەیەکگرتووەکانیش ئەو مەرجانە زیاتر هەرێمو وڵاتانی کۆلۆنیو وڵاتانی ژێرسایەی سیستمی راسپاردەی نێودەوڵەتیو هەرێمە نائۆتۆنۆمەکان دەگرێتەوە، ئەو گەلو نەتەوانە ناگرێتەوە کە بەشێکن لەدەوڵەتێکی سەربەخۆو دانپێدانراوو رێگەی پیادەکردنی ئەو مافەو دامەزراندنی دەوڵەتی نوێیان پێ نادرێت. چونکە لەڕووی پراکتیکییەوە ئەو کارە هەروا سووكو ئاسان نییەو روبەڕوی پرنسیپی سەلامەتی هەرێمیو یەکپارچەیی دەوڵەتانی خاوەن سەروەری دەبێتەوە. کە پەیماننامەی نەتەوەیەکگرتووەکان زۆر جەختی لێکردۆتەوە.

لەو چوارچێوەیەدا هەندێ لەشارەزایانی بواری یاسای گشتیی نێودەوڵەتی رایان وایە کە بەمەبەست لەسەلامەتی زەمینی، پاراستنی دەوڵەتە لەمەترسیو هەڕەشەکانی دەرەوەی سنوور، نەك ناوخۆو ئەرکی سەرەکی دەوڵەت پاراستنی مافە بنچینەییەکانی

گەلەکەیەتی، ئەگەر ئەو مافانە پێشێل بکات، ئەو گەلە مافی نارەزایی‌و خۆپیشاندان‌و تەنانەت یاخیبوونی مەدەنی‌وجیابوونەوەشی هەیە. لەو چوارچێوەیەدا لیژنەی قەدەغەکردنی پاکتاوی رەگەزی‌و پاراستنی کەمینەکانی سەر بە نەتەوەیەکگرتووەکان لەساڵی ١٩٨١دا لەراپۆرتێکدا ئاماژەی بەوە کردووە کە پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لەگەڵ بنەمای جیانەبوونەوەی بەشێك لەدەوڵەتێکی سەربەخۆی خاوەن سەروەری یەك ناگرێتەوە. ئەوەش بەمانای ئەوە دێت کە جیابوونەوەی هەرێمێکی دەوڵەتێکی سەربەخۆ وەك بنەمایەکی گشتی رێگە پێنەدراوە، بەڵام لەحاڵەتی پێشێلکردنی مەترسیدارو سامناکی مافەکانی مرۆڤ لەو هەرێمەدا رێگە پێدراوە. ئەوەش بەوەرچەرخانێکی گرنگ‌و ناوازە لەیاسای گشتی نێودەوڵەتی دادەنرێت‌و پشتیوانی ئەو تێزە دەکات کە مافی چارەنوس مافێکی گشتییەو هەموو ئەو گەلانە



دەگرێتەوە کە مەرج‌و پێوەرەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان دەیانگرێتەوە بەو گەلانەشەوە کە لەسنووری دەوڵەتێکی سەربەخۆو دانپێدانراودا دەژین‌و بەشێکن لەسەروەری ئەو دەوڵەتە. بەو مەرجەی دەوڵەتە خاوەن سەروەرییەکەو کۆمەڵەی گشتیی نەتەوەیەکگرتووەکان رەزامەندبن لەو بارەیەوە.

### شەشەم:
### شێوەکانی داواکردن‌و پیادەکردنی مافی چارەنوس:

#### یەکەم: شێوەکانی داواکردنی مافی چارەنوس

مافی چارەنوس، یەکێکە لەو مافانەی کە دەبێت بەیەکێك لەشێوەکان لەلایەن ئەو گەل‌و نەتەوەیەوە داوابکرێت کە لەو مافە بێبەشە، بەمەجێك پێوەرەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان بیگرێتەوە.

شێوەكانی بەدەستهێنانی مافی چارەنوس دوو جۆرە كە ئەمانەن:

**أ‌- شێوەی ئاشتییانە**

**ب ـ شێوەی توندو تیژی ( خەباتی چەكداری )**

پەنابردن بۆ هەریەك لەو شێوانە بۆ بەدەستهێنانی مافی چارەنوس پەیوەندی بەئاستی هۆشیاریو پێشكەوتنی هەر گەلێكو سروشتی ئەو دەوڵەتەوە هەیە كە داوای ئەو مافەی لێدەكرێت. لەدەوڵەتانی شارستانیو دیموكراسیدا ئەو مافە بەشێوازی ئاشتییانە دەستەبەر دەكرێت، بەڵام لەدەوڵەتە دواكەوتوو دیكتاتۆرییەكاندا بەناچاری پەنا بۆ شێوەی توندو تیژیو خەباتی چەكداری دەبرێت.

**أ‌- شێوەی ئاشتییانە**

داواكردنی مافی چارەنوس بەشێوەی ئاشتییانە بەشێوازێكی شارستانیو سەردەمییانە دادەنرێت. ئەم



شێوازە پەیوەندی بەئاستی هۆشیاری سیاسی ئەو گەلەوە هەیە كە داوای ئەو مافە دەكات، هەروەها پەیوەندەی بەعەقڵییەتی دەسەلاتداری ئەو دەوڵەتەوە هەیە كە ئەو داوایەی لێدەكرێت. واتە دەبێت هەردووكیان لەئاستی بەرجەستەكردنی ئەو مافەدا بن بەشێوەی ئاشتییانە.

ئەو گەلەی كە بەشێوەی ئاشتییانە داوای پیادەكردنی مافی چارەنوس دەكات دەبێت لەئاستێكی گونجاوی هۆشیاری سیاسیو پێشكەوتندا بێتو خاوەنی دامەزراوە شارستانییەكانی وەك (حزبی سیاسی، سەندیكا، رێكخراوەكانی كۆمەڵی مەدەنی، میدیای ئازاد) بێت.

دەبێت ئەو دامەزراوانە بەشێوەی ئاشتییانە خواستو داخوازییەكانی گەل بۆ بەدەستهێنانی مافی چارەنوس لەرێگەی كۆڕو كۆبوونەوەو میدیاو

خۆپیشاندان‌و وتار خوێندنەوەو گفتوگۆو دانوستان‌و لێدوانی سەرکردە سیاسییەکانەوە بخەنەروو.

کۆتایی هاتنی جەنگی سارد زەمینەیەکی لەباری رەخساند بۆ ئەوەی چەندین گەل‌و نەتەوە بەشێوەی خەباتی ئاشتییانە بەمافی چارەنوس بگەن‌و دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان رابگەیەنن. لەوانە یۆگۆسلاڤیا(سلۆڤینیا، کرواتیا، مەکدۆنیا، بۆسنەو هەرسك، مۆنتینیگرۆ).

یەکێتی سۆڤیەت (تورکمانستان، ئازەربایجان، گورجستان، ئۆکرانیا، ئەرمەنستان، قیرغزستان، ئۆزبەگستان، لاتفیا، ئستونیا، لیتوانیا...هتد).

### ب ـ شێوەی توندو تیژی ( خەباتی چەکداری )

پەنابردن بۆ شێوەی توندو تیژی یاخود شۆڕش‌و خەباتی چەکداری، بەقۆناغێکی بالاّو مەترسیدارو خوێناوی بەدەستهێنانی مافی چارەنوس دادەنرێت.



هەڵبژاردنی ئەم شێوازە لەدوای ئەوە دێت کە هەموو دەروازەکانی خەباتی ئاشتییانە دادەخرێن‌و بەناچاری پەنا بۆ ئەو شێوە خەباتە دەبرێت.

چەند هۆکارێك وادەکات کە پەنا بۆ شۆڕش یاخود خەباتی چەکداری ببرێت، لەوانە: [٧]

١ـ دەسەڵاتی دەوڵەتی ناوەندی وەڵامی داوای ئاشتیانەی ئەو گەلە نەداتەوە.

٢ـ دەسەڵاتی دەوڵەتی ناوەندی دەستپێشخەر بێت لەپەنابردن بۆ شێوازی توندوتیژی.

٣ـ پەشیمان بوونەوەی دەسەڵاتی دەوڵەتی ناوەندی لەو بەڵێنانەی کە بۆ بەخشینی مافی چارەنووس بەو گەلە دابووی.

بەپێی یاسای گشتیی نێودەوڵەتی، ئەو گەلەی رێگەی لێ بگیرێت کە بەشێوازی ئاشتییانە بەمافی چارەنوس بگات، مافی خۆیەتی پەنا بۆ شۆڕش‌و خەباتی چەکداری ببات.

نەتەوە یەکگرتووەکان لەچەند بۆنەو مەسەلەیەکدا، دانی بەرەوایەتیی پەنا بردن بۆ شۆڕش‌و خەباتی چەکداری ناوە بۆ بەدەستهێنانی مافی چارەنووس.

لەو چوارچێوەیەدا ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بەپێی بڕیارەکانی (٢٣٢ و ٢٣٥) لە ١٦ی کانونی یەکەمی ١٩٦٦و ٢٩ی شوباتی ١٩٧٨ دانی بەرەوایەتیی خەباتی چەکداریدا ناوە بۆ گەیشتن بەمافی چارەنوس. لەوانە (شۆڕشی گەلی ئەندەنوسیا، شۆڕشی گەلی کشمیر، خەباتی چەکداری گەلانی نامیبیاو فەلەستین).

## دووەم: ڕێگەکانی جێبەجێکردنی مافی چارەنوس

جێبەجێ کردنی مافی چارەنووس بەچەند ڕێگەیەك دەبێت لەوانە: (ڕاپرسیی گشتی، بڕیاری دەستەیەکی نیشتمانی هەڵبژێردراو( پەرلەمان)، بڕیاری سەرکردایەتیی بزووتنەوەی ڕزگاریی نیشتمانی، گفتوگۆو دانوستان، بڕیاری نێودەوڵەتی لەرێی



کۆنگرەیەکی نێودەوڵەتی یاخود پەیماننامەیەکی نێودەوڵەتی).

بەڵام لەسەردەمی نوێدا پیادەکردنی مافی چارەنوس بەدوو ڕێگەی سەرەکی دەبێت، ئەوانیش (ڕاپرسیی گشتی‌و بڕیاری دەستەیەکی نیشتمانیی هەڵبژێردراو (پارلەمان). ئەوەش بەهۆی ئەوەی کە ئەو دوو ڕێگەیە دەربڕی خواستی ڕاستەقینەی گەلە بۆ بەرجەستەکردن‌و پیادەکردنی مافی چارەنوس.

بە پێویستی دەزانین بەکورتی ئاماژە بەو دوو ڕێگە سەرەکییەی پیادەکردنی مافی چارەنوس بکەین.

### أ- ڕا پرسیی گشتی:

ڕێگەی ڕاپرسیی گشتی بۆ پیادەکردنی مافی چارەنوس، شێوازێکی شارستانی‌و دیموکراسی گونجاوە بۆ دەربڕینی خواستی جەماوەر.بیرۆکەی ئەنجامدانی ڕاپرسی بۆ سەردەمی شۆڕشی فەرەنسا دەگەڕێتەوەو

لەسەردەمی  کۆمەڵەی گەلانیش کار بەراپرسیی گشتی کراوە. بۆ نموونە لە ١٦ی مایسی ١٩٢٠دا، ٥٦٪ی هاووڵاتیانی سویسرا لەراپرسییەکدا دەنگیان دا کە وڵاتەکەیان ببێتە ئەندامی کۆمەڵەی گەلان. هەروەها هەرێمی سارن کە هەرێمێکی ئەلمانی بوو لە ژێر دەسەڵاتی فەرەنسادا بوو، ساڵی ١٩٣٥ لەرێی راپرسییەوە گەرایەوە سەر ئەڵمانیا.

سەرەڕای ئەوەی کە پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان ئاماژەی بەراپرسیی وەك شێوازێکی پیادەکردنی مافی چارەنوس نەکردووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دانی بەشێوازی راپرسیدا ناوەو لەژێر سایەیدا چەندین راپرسیی ئەنجام دراوە. هەر لەوچوارچێوەیەدا هەردوو گەلی مۆنتینگرۆو تیمۆری خۆرهەلات لەرێی راپرسییەوە بەمافی چارەنووس گەیشتنو ئێستا خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆن.



### ب ـ بڕیاری دەستەیەکی نیشتمانی هەڵبژێردراو ( پەرلەمان )

پەرلەمان ئەو دامەزراوە گرنگەی یاسادانانە کە لەلایەن گەلەوە لەرێی سندوقەکانی دەنگدانەوە متمانە بە ئەندامەکانی دەبەخشرێت.

ئەو دامەزراوەیە نوێنەرایەتی راستەقینەی خواستی گەل دەکاتو بڕیارە گرنگو چارەنووسسازەکانی وەك پیادەکردنی مافی چارەنوس دەدات.

دەتوانین نموونەی چەندین گەل بهێنینەوە کە لەرێی پەرلەمانەوە چارەنوسی خۆیان دیاری کردووە، لەوانە پەرلەمانی سودان لەساڵی ١٩٥٦دا بەکۆی دەنگ بڕیاری سەربەخۆیی وڵاتەکەی دا، کۆمەڵەی نیشتمانیی هندستان لەساڵی ١٩٤٩ بڕیاری سەربەخۆیی وڵاتەکەی دا.پەرلەمانی وڵاتانی نایجیریاو کەمبۆدیاو مۆریتانیا لەساڵی ١٩٦٠ بڕیاری سەربەخۆیی وڵاتەکانیان دەرکرد.

پەرلەمانی کۆسۆڤۆ لەساڵی ٢٠٠٨ بڕیاری سەربەخۆیی وڵاتەکەی پەسەند کرد. پەرلەمانی کوردستان لەساڵی ١٩٩٢ بەراگەیاندنی فیدراڵی چارەنووسی گەلەکەی دیاری کرد.

## حەوتەم: خەباتی گەلان بۆ بەدەستهێنانی مافی چارەنوس

لەبەر رۆشنایی ئەو راستیانەی کە لەبەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکاندا سەبارەت بەداواکردنو پیادەکردنی مافی چارەنوس هاتوون، پێویستە باس لەخەباتی سیاسییو ئاشتییانەو خەباتی چەکداری چەند گەلێك بکەین بۆ بەدەستهێنانی مافی چارەنوس لەوانە (گەلی کورد، گەلی بیابانی خۆرئاوا، گەلی باشووری سودان، گەلی فەلەستین، هەر دوو گەلی چیكو سلۆفاك).



### ١ـ گەلی کوردستان لەعیراق:

پرنسیپی مافی چارەنوس یەکێکە لەپرنسیپەکانی یاسای گشتیی نێودەوڵەتیو لەبنەما پابەندو ئامپڕەکانە. لەهەمان کاتدا مافێکە لەمافە مرۆییە بنچینەییو جێگرەکان. لەو روانگەیەوە چەند پابەندییەکی دیاریکراو دەکەوێتە ئەستۆی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەگشتیو ئەندامانی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانو لەناویاندا عیراق بەتایبەتی کە چەند رێوشوێنێکی پراکتیکی بەشێوەی تاكو هاوبەش بگرنەبەر لەرێی دامودەزگاکانی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بۆ ئەوەی گەلانی ژێر دەسەڵاتیان مافەکانیان بگەن، بەپێی پابەندییەکانی مادەکانی (٥٦ و ١٠٣)ی پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان.

گەلی کوردستان وەك هەموو گەلانی تری جیهان، مافی دابینکردنی مافەکانی هەیەو کۆمەڵگەی

نێودەوڵەتی بەگشتیو عیراق بەتایبەتی لەو بارەیەوە پابەندییان دەکەوێتە ئەستۆ. ئەویش لەبەرئەوەی کە عیراق ئەندامی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانە، دەبێت پابەندی هەردوو مادەی (٥٦ و ١٠٣)ی پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بێت.

کە هەردوو مادەکە جەخت لەپابەندێتی ئەندامانی نەتەوە یەکگرتووەکان بە بەندەکانی پەیماننامەکەیەوە دەکەنەوە. لەلایەکی ترەوە بەحوکمی ئەوەی کە عیراق هەردوو پەیماننامەی ساڵی ١٩٦٦ی مافەکانی مرۆڤی بەرەسمی ئیمزاو پەسەند کردووە، پابەندێتی دەکەوێتە سەرشانی کە پشتیوانی لەدابینکردنی مافەکانی گەلی کوردستان بکات.

ئێستا گەلی کوردستان مافی چارەنوسی خۆی لە ڕێی پەرلەمانەوە لەفیدراڵیدا بەرجەستە کردووە، بەڵام مافی خۆیەتی ئاستی ئەو داوایەی لەکاتێکی گونجاودا بەرزتر بکاتەوە.



مافی چارەنوس، مافێکە لەمافەکانی گەلانو ئەرک نییە. لەبەر ئەوە دەبێت ئەو گەلە خۆی داوای ئەو مافە بکاتو ناکرێت لەلایەنی ترەوە داوابکرێت یاخود بوروژێنرێت.

وەکو پێشتر ئاماژەمان پێکرد دوو ڕێگە هەیە بۆ داواکردنی مافی چارەنوس، ئەوانیش یەکەمیان ڕێگەی ئاشتییانەو دووەمیان ڕێگەی خەباتی چەکداری یە.

گەلی کوردستانی عیراق لەقۆناغە جیاجیاکانو بەپێی هەلومەرجە ناوخۆییو دەرەکییەکان پەنای بۆ هەردوو شێوازەکە بردووە بۆ داواکردنی مافەکانی. پێویستە ئاماژە بەهەولانە بکەین کە گەلی کوردستان لەو دوو بوارەدا داویەتی:

**یەکەم: ڕێگەی ئاشتییانە:**

**أ ـ دامەزراندنی حزبو ڕێکخراوەکان:**

لەسەرەتای بیستەکانی سەدەی رابردووەوە تا ئێستا گەلی کوردستان لەعیراق چەند حزبو ڕێکخراوی

سیاسیو مەدەنی دامەزراندووە وەك ئامرازێك بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی. لەو چوارچێوەیەدا ئاماژە بە بەشێك لەو حزبو رێکخراوانە دەکەم کە ئەمانەن (کۆمەڵەی سەربەخۆیی کوردستان لە ١٩٢٠، کۆمەڵەی کوردستان لە ١٩٢٢، کۆمەڵەی لاوان لە ١٩٣٣، کۆمەڵەی برایەتی لە ١٩٣٨، حزبی هیوا لە ١٩٣٩، لیژنەی ئازادی لە ١٩٤٥، حزبی شیوعی کوردستان (شۆڕش) لە ١٩٤٥، پارتی دیموکراتی کورد ١٩٤٦، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ١٩٧٥و چەندین حزبو رێکخراوی سیاسییو مەدەنی تر).

**ب ـ سازدانی گفتوگۆو پێشکەشکردنی یاداشت:**

لەسەرەتای دروستبونی دەوڵەتی عیراقەوە، نوێنەرانی گەلی کوردستان چەندین گفتوگۆو وتوێژیان لەگەڵ حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عیراقدا ئەنجام داوەو چەندین یاداشتیشیان پێشکەش کردوون. لەو بوارەدا ئاماژە بەم هەوڵانە دەکەم ( یاداشتی



کەسایەتییەکانی کورد بۆ کۆمەڵەی گەلان لەدوای ئیمزاکردنی پەیمانی ئەنگلۆ - عیراقی لە ٣٠ی حوزەیرانی ١٩٣٠، گفتوگۆکانی پارتی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ حکومەتەکانی عیراق لەسالانی (١٩٦٣و١٩٧٠)، گفتوگۆی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەگەڵ حکومەتی عیراق لەکۆتایی ساڵی ١٩٨٣، گفتوگۆی بەرەی کوردستانی لەگەڵ حکومەتی عیراق لە ساڵی ١٩٩١).

سازدانی گفتوگۆو نوسینی یاداشت نیشانەی ئەوەیە کە نوێنەرایەتی گەلی کوردستان پەنایان بۆ شێوەی ئاشتییانەی داواکردنی مافەکانیان بردووە کە زۆرجار خۆی لەداواکردنی ئۆتۆنۆمیدا بینیوەتەوە.

**دووەم: ڕێگەی خەباتی چەکداری**

لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانییەوە تا ڕاپەڕینی ١٩٩١، گەلی کوردستان لەعیراقدا چەندین شۆڕشو ڕاپەڕینی ئەنجامداوە بۆ گەیشتن بە مافەکانی، لەوانە (شۆڕشەکانی شێخ مەحمودی حەفید لە ساڵانی بیستەکاندا، شۆڕشی بارزان (١٩٤٣ - ١٩٤٥)، شۆڕشی ئەیلول (١٩٦١ - ١٩٧٥)، شۆڕشی نوێ (١٩٧٦ - ١٩٩١)، ڕاپەڕینی ئازاری ١٩٩١).



## شێوەکانی
## پیادەکردنی مافی چارەنوس

دوو شێوە یان دوو ڕێگەی سەرەکی هەیە بۆ پیادەکردنی مافی چارەنوس، ئەوانیش یەکەمیان ڕاپرسیی گشتیو دووەمیان بڕیاری دەستەیەکی نیشتمانیی هەڵبژێردراو (پەرلەمان).

گەلی کوردستان لەعیراق بۆ دیاریکردنی چارەنوسی ڕێگەی دووەمی هەڵبژاردو بەپێی بڕیاری ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان بڕیاری فیدراڵی پەسەند کرد. لەو چوارچێوەیەداو بەپێی یاسای ژمارە یەکی ساڵی ١٩٩٢ی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عیراق بەشێوەیەکی ڕەسمیو بەدەقێکی یاسایی دەسەڵات بەو ئەنجومەنە درابوو کە بڕیار لەمەسەلە

چارەنوسسازەکانی گەلی کوردستانی عیراق‌و ڕێکخستنی پەیوەندی لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندیدا بدات. هەربۆیەش لەرۆژی ٤ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٢ ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان لە دانیشتنێکدا بەکۆی دەنگی هەر (١٠٥) ئەندامەکەی بڕیاریدا پەیوەندی یاسایی هەرێمی کوردستان لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندی لەسەر بنەمای فیدراڵی ڕێك بخات. ڕۆژی ٥ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٢، ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان لەدانیشتنێکی تردا بڕیاریدا کە دەسەڵاتی تایبەتمەندەکانی هەرێمی کوردستان هەموو دەسەڵاتەکانی حکومەتی فیدراڵی پیادە بکات‌و لەهەموو کاروبارەکانی هەرێمی کوردستاندا شوێنی بگرێتەوە تا ئەو کاتەی کە حکومەتی ناوەندی بەغدا دان بە بڕیاری فیدراڵی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان‌و دەسەڵاتە یاساییەکانی هەرێمی کوردستاندا دەنێت.



بێگومان ڕژێمی پێشووی بەغدا دانی بەدەسەڵاتەکانی هەرێمی کوردستاندا نەنا،تا ئەو کاتەی لەپرۆسەی ئازادی عیراقدا ئەو ڕژێمە ڕووخاو ئیدی زەمینەیەکی لەبار ڕەخسا کەمافەکانی گەلی کوردستان لەچوارچێوەی یاساو دەستووردا بەرجەستە بکرێن. لەو چوارچێوەیەدا سیستمی ناوەندیی عیراق کۆتایی هات‌و سیستمی فیدراڵی بووە سیستمی ڕەسمی دەوڵەت‌و هەرێمی کوردستان وەك هەرێمێکی فیدراڵ لەیاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عیراق بۆ قۆناغی گواستنەوە لەساڵی ٢٠٠٤و دواتر لەدەستووری هەمیشەیی عیراقدا لەساڵی ٢٠٠٥ بەرەسمی ناسێنرا.

واتە لەقۆناغی ئێستادا گەلی کوردستان مافی چارەنوسی خۆی لەسەر بنەمای فیدراڵی دیاریکردووەو ئەو مافە لەدەستووردا چەسپیوە کە زۆرینەی ٧٩٪ی گەلانی عیراق بەراپرسیی گشتی پەسەندییان کردووە.

## دووەم: گەلانی چیك‌و سلۆفاك

کۆماری چیکۆسلۆفاکیا لەساڵانی (١٩١٨ ـ ١٩٣٩)و (١٩٤٥ ـ ١٩٩٢) دەوڵەتێکی یەکگرتووی نێوان هەردوو گەلی چیك‌و سلۆفاك بوو.

سوپای سووری یەکێتی سۆڤیەت لەکاتی جەنگی دووەمی جیهاندا، ئەو دەوڵەتەی لەبن دەستی ئەڵمانیا دەرکرد. ئەوەش بوو بەهۆی ئەوەی کە ببێت بەیەکێك لەدەوڵەتانی بلۆکی خۆرهەلاتو ئەندامی پەیمانی وارشۆو بکەوێتە ژێر سەرکردایەتیی یەکێتی سۆڤیەت.

ساڵی ١٩٨٩ لەرێی سندوقەکانی دەنگدانەوە کۆتایی بە دەسەلاتی ڕەهای حزبی کۆمۆنیستی ئەو وڵاتە هاتو ناوی دەوڵەتەکە لەکۆماری چیکۆسلۆفاکیای سۆسیالیستی یەوە بۆ کۆماری چیکۆسلۆفاکیای فیدراڵ گۆڕا.



لەدوای هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەت، پەرلەمانی ئەو وڵاتە بەشێوەیەکی شارستانیو ئاشتیانە بڕیاری هەڵوەشانەوەی کۆماری چیکۆسلۆفاکیای فیدراڵی لەساڵی ١٩٩٢داو هەردوو گەلی چیك‌و سلۆفاك وەك دوو کۆماری سەربەخۆ  دەوڵەتی سەربەخۆیان لەساڵی ١٩٩٣ ڕاگەیاند.

لێك جیابوونەوەی ئەم دوو کۆمارە بەو شێوازە نموونەیەکی جوانو شارستانیو ئاشتیانەی گەیشتن بەمافی چارەنووسە.

## سێیەم: گەلی باشووری سودان

کێشەی باشووری سودان، کێشەیەکی کۆنی نێوان گەلی باشووری سودانو حکومەتە مەدەنیو سەربازییەکانی سودانە.

ئەگەرچی سودان لەساڵی ١٩٥٦دا سەربەخۆیی وەرگرتو لەدەسەلاتی کۆلۆنیالی بەریتانی ڕزگاری بوو.

بەڵام حكومەتی خۆماڵی نەیتوانی كێشە سیاسییەكانی باشوور چارەسەر بكاتو ناوچەكەی فەرامۆش كردو دانیشتوانەكەی بێبەش كرد لە بەشداری دەسەڵاتی سیاسی وڵات. بۆ وەڵامدانەوەی ئەو هەلومەرجە ناهەموارە گەلی باشور بەسەركردایەتی بزووتنەوەی ئەنانیا لەساڵی ١٩٦٢ خەباتی سیاسیو چەكداری هەڵبژاردو ئەو خەباتەش دە ساڵی خایاند. لەساڵی ١٩٧٢دا حكومەتی سودانو بزووتنەوەی ئەنانیا رێكەوتننامەی (ئەدیس ئەبابا) یان ئیمزاكردو بەپێی ئەو رێكەوتننامەیە كۆتایی بەشەڕهاتو باشور ئۆتۆنۆمییەكی فراوانی پێبەخشرا.

بەڵام كێشەكان چارەسەری ریشەییان بۆ نەكراو جارێكیتر سەریان هەڵدایەوەو لەسەرەتای هەشتاكاندا خولێكی تری شەڕ دەستی پێكردەوە.

دۆزینەوەی نەوت لەناوچەی (بانتیۆ)ی باشوری سودانو سەپاندنی شەریعەتی ئیسلامی بەسەر



سەرانسەری وڵاتدا لەساڵی ١٩٨٣دا كێشەكانی نێوان سودانو باشوری وڵاتی قوڵتر كردەوە. لەبەرئەوە لەساڵی ١٩٨٣ەوە بزووتنەوەی گەلیی رزگاری سودان بەسەرۆكایەتی (جۆن گەرەنگ) خەباتی چەكداری دەست پێكردەوە ئەو شێوازە خەباتی بەردەوام بوو تا ٢٠ی تەمووزی ٢٠٠٢ كە رێكەوتننامەی ماشاكۆس لەنێوان وەفدی حكومەتی سودانو بزووتنەوەی گەلی رزگاری سودان ئیمزاكردو ئاگربەست راگەیەنرا، لەكانونی دووەمی ٢٠٠٥ رێكەوتننامەی نیفاشا لەنێوان عومەر حەسەن بەشیری سەرۆكی سودانو جۆن گەرەنگ سەرۆكی بزووتنەوەی گەلی رزگاری سودان ئیمزاكرا. بەپێی ئەو رێكەوتننامەیە بەیەكجاری كۆتایی بەشەڕ هاتو دەسەڵاتو سامان دابەشكراو بڕیار درا دوای شەش ساڵ لەرێی راپرسیی گشتییەوە چارەنووسی باشووری سودان دیاری بكرێت، بەوەی كە لەگەڵ سودان دەمێنێتەوە یاخود دەوڵەتی سەربەخۆ

رادەگەیەنێت. ئەوەبوو لە مانگی کانونی دووەمی ٢٠١١ دا ئەو راپرسییە ئەنجام دراو گەلی باشووری سودان بریاری سەربەخۆیی دا.

گەلی باشور هەموو شێوەکانی خەباتی ئاشتییانەو چەکداری بۆ بەدەستهێنانی مافی چارەنووس گرتە بەر ،تا لەرێی راپرسی گشتییەوە بەو مافە گەیشت.

## چوارەم: بیابانی خۆرئاوا

زۆرینەی دانیشتوانی بیابانی خۆرئاوا لەنەتەوەی ئەمازیغین‌و موسڵمانن وەك گەلێکی جیاواز لە گەلانی تری ناوچەکە خۆیان پێناسە دەکەن.

ئەو ناوچەیە لەسالآنی (١٨٨٤ ـ ١٩٧٥) واتە ٩١ ساڵ لەژێر دەسەلآتی کۆلۆنیالی ئیسپانیدا بوو.

گەلی بیابانی خۆرئاوا لەسەردەمی کۆلۆنیالی ئیسپانی‌و دواتریش لەخەباتدا بوون بۆ بەدەستهێنانی مافی چارەنووس‌و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ.



لەو چوارچێوەیەدا بەرەی پۆلیساریۆ وەك رێکخراوێکی سیاسی ماوەی زیاتر لە ١٦ ساڵ لەخەباتێکی سەختی چەکداریدا بوو بۆ دەستهێنانی مافی چارەنوس. بەڵام کێشەکە بەشەڕ یەکلایی نەبۆوەو هەردوو لایەنی کێشە (مەغریبو بەرەی پۆسیاریۆ) گەیشتنە ئەو بڕوایەی کە کێشەکە بە شێوازی سیاسی چارەسەر بکەن. بۆ ئەو مەبەستەش لەساڵی ١٩٩١دا بەرەسمی ئاگر بەستییان راگەیاندو بڕیاریاندا لەرێی نەتەوە یەکگرتووەکان‌و بەراپرسی گشتی کێشەکە یەکلایی بکەنەوە.

ئەگەرچی کۆمەڵەی گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان لەساڵی ١٩٦٦ەوە بڕیاریدا بوو ئەو کێشەیە بەراپرسیی گشتی یەکلایی بکرێتەوە. بەڵام ئەو بڕیارە لەکاتی خۆیدا جێبەجێ نەکرا. جارێکی تر ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی لەنیسانی ١٩٩١دا بڕیاریدا ئەو کێشەیە لەرێی راپرسیی گشتییەوە چارەسەر بکرێت‌و

بۆ ئەو مەبەستە بڕیاری پێکهێنانی تیمێکی نەتەوە یەکگرتووەکانی دا بۆ ڕێکخستنی راپرسیی گشتی لەو ناوچەیەدا.

بۆ جێبەجێکردنی ئەو بڕیارەی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی تیمەکەی نەتەوەیەکگرتووەکان کەوتە کارو لەبواری کارکردندا رووبەری کێشەیەکی گەورە بۆوە. ئەویش کێشەی دیاریکردنی ناسنامەی دەنگدەرانی ناوچەکە بوو، واتە کێ مافی دەنگدانی پێدەرێت. هەرلایەنێکی کێشەکە ئەوی تری تۆمەتبار دەکرد کە خەڵکی غەریبەی لەناوچەکەدا نیشتەجێ کردووە بەمەبەستی گۆڕینی ئەنجامی راپرسییەکە. ئەو کێشەیە بووە هۆی دواخستنو پەکخستنی ئەنجامدانی پرۆسەکە.

مارسی ١٩٩٧ جیمس بیکەر نێردراوی سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان چەند چارەسەرێکی خستە روو بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە لەوانە:



١ـ چارەسەرکردنی کێشەی بیابانی خۆرئاوا لەسەر بنەمای ئۆتۆنۆمی فراوان لەژێر سایەی سەروەری مەغریبدا. ئەو بیرۆکەیە پشتیوانییەکی گەورەی عەرەبیو نێودەوڵەتی لێکرا. بەڵام بەرەی پۆلیسایۆو جەزائیر رەتیان کردەوە بەبیانووی ئەوەی کە مافی سەربەخۆیی بە هەرێمەکە نەدا بوو.

٢ـ ئەنجامدانی راپرسیی گشتی بۆ یەکلایی کردنەوەی چارەنووسی هەرێمەکە.

مەغریبو پۆلیساریۆ کە هەردوو لایەنی کێشەکە بوون بەو شێوازی چارەسەرە رازیبوون، بەڵام دواتر بەهۆی کێشەی ناسنامەی دەنگدەران کە پۆلیساریۆو جەزائیر لەدژی ئەوە بوون کە چەند هۆزێکی دیاریکراوی بیابانی خۆرئاوا بەشداری پرۆسەی راپرسییەکە بکەن. ئەو تێزە سەری نەگرت.

٣ـ چارەسەری کێشەکە لەسەر بنەمای دابەشکردنی بیابانی خۆرئاوا لەنێوان مەغریبو پۆلیساریۆدا.

پولیساریۆو جەزائیر بەو چارەسەرە رازی بوون. بەڵام مەغریب رەتی کردەوە بەبیانووی ئەوەی کە هەموو خاکی بیابانی خۆرئاوا بەشێکی جیانەکراوەیە لەخاك‌و سەروەری مەغریب.

٤ـ بەهۆی ئەوەی کە هەر سێ چارەسەرەکە نەچوونە بواری جێبەجێکردن‌و لەلایەن لایەنەکانی کێشەکەوە پەسەند نەکران. نەتەوە یەکگرتووەکان بیر لەوە دەکاتەوە کە واز لەو دۆسیەیە بهێنێ. بەوەی کە هێزەکانی ئاشتی پارێزو چاودێرە نێودەوڵەتییەکان لەبیابانی خۆرئاوا بکشێنێتەوە. ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە جارێکی تر شەڕ لەنێوان هێزەکانی پۆلیساریۆو مەغریبدا هەڵبگیرسێتەوە.

گەلی بیابانی خۆرئاوا هەموو شێوەکانی خەباتی سیاسی‌و چەکداری گرتۆتە بەر بۆ بەدەستهێنانی مافی چارەنوس ، بەڵام تائێستا بەو مافە نەگەیشتووە.



**پێنجەم: گەلی فەلەستین**

لەجەنگی یەکەمی جیهاندا، ئیمپراتۆریەتی عوسمانی شکستی هێناو بەشێکی زۆری ناوچەکانی ژێر دەسەڵات‌و قەڵەمڕەوی لەدەستدا. بەپێی هەردوو پەیمانی سیڤەرو لۆزان فەلەستین لەژێر سەروەری‌و دەسەڵاتی ئەو ئیمپراتۆرەدا نەما.

دواتر بەپێی بڕیاری کۆمەڵەی گەلان لەساڵی ١٩٢٢، فەلەستین خرایە ژێر ئینتدابی بەریتانیا بۆ ئەوەی گەلی فەلەستین ئامادە بکات بۆ خۆ بەڕێوەبردن‌و سەربەخۆیی.

بڕیاری (١٨١)ی کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ٢٢ی تشرینی دووەمی ١٩٤٧ سەبارەت بەدابەشکردنی فەلەستین، رێگەی بەدامەزراندنی دەوڵەتی فەلەستین دا چەندین بڕیاری دیکەی نەتەوە یەکگرتووەکان پشتیوانی لەگەلی فەلەستین کرد بۆ گەیشتن بەمافی چارەنوس. بەڵام سەرباری ئەو

پشتیوانییەی نەتەوە یەکگرتووەکان، گەلی فەلەستین بەو سنوورە رازی نەبوو کە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتەکەی دیاری کرابوو، بۆیە کێشەی فەلەستین بەپێی ئەو بڕیارانە چارەسەر نەکرا. ئیدی گەلی فەلەستین هەموو ڕێگاکانی خەباتی سیاسیو چەکداری گرتەبەر بۆ گەیشتن بە مافەکانی.

لەو چوارچێوەیەدا لەساڵی ١٩٦٤ەوە گەلی فەلەستین لەژێر سەرکردایەتیی ڕێکخراوی رزگاری فەلەستیندا خەباتی سیاسیو چەکداری ئەنجامدا تا ساڵی ١٩٩٤ هەردوو لایەنی ئیسرائیلیو فەلەستینی ڕێکەوتننامەی ئاشتی ئۆسلۆیان ئیمزاکردو بەپێی ئەو ڕێکەوتننامەیە دەسەڵاتی ناوخۆیی فەلەستینی لەکەرتی غەزەو کەناری خۆرئاوا دامەزرا.

بەڵام ئەو دەسەڵاتە دەسەڵاتێکی ناوخۆییەو لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی وەك دەوڵەت نەناسراوەو دانی پێدانەنراوە. دەتوانین بڵێین ئەو دەسەڵاتە



ئۆتۆنۆمییەکی فراوانە، کە بەئۆتۆنۆمی دەرەکی ناودەبرێت، چونکە لەرێی ڕێکەوتننامەی نێودەوڵەتی ئۆسلۆو بە شاهیدی چەند دەوڵەتێك پەسەند کراوەو بەقۆناغی پێش سەربەخۆییو دامەزراندنی دەوڵەت دادەنرێت.

**شەشەم: دەرئەنجام**

لەئەنجامی لێکۆڵینەوە لە خەباتی گەلانی کوردو بیابانی خۆرئاواو باشووری سودان و فەلەستینو چیكو سلۆفاك، گەیشتینە ئەو راستییەی کەچوار گەلی یەکەم، هەردوو شێوازی خەباتی سیاسییو چەکدارییان پەیرەو کردووە بۆ گەیشتن بە مافی چارەنوس، لەو چوار چێوەیەدا گەلی کورد ئەو مافەی بەشێوەی فیدراڵی لەچوارچێوەی عیراقدا بەرجەستە کردووە. گەلی فەلەستین مافی ئۆتۆنۆمیی نێودەوڵەتی بەدەست هێناوەو بەرەو دامەزراندنی دەوڵەت هەنگاو دەنێت.

باشوری سودان لەرێی راپرسییەوە چارەنووسی خۆی دیاریکردو بریاری دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی دا، بیابانی خۆرئاواش کێشەکەی ئالۆزەو ئاسۆی چارەسەکردنی روون نییە.

جیا لەو چوار گەلە هەردوو گەلی چیكو سلۆفاك بەشێوازێکی ئاشتیانەو بە بێ کێشەو گیروگرفت لەرێی بریارێکی پەرلەمانەوە بەمافی چارەنوس گەیشتنو دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان راگەیاند.



## سەرچاوەو پەراوێزەکان


١ـ عبدالرحمن سليمان الزيبارى ـ الوضع القانوني لاقليم كوردستان العراق، مطبعة وزارة التربية / أربيل ٢٠٠٢، ص ٣٤٦

٢ـ عبدالرحمن سليمان الزيباري ـ المصدر السابق. ص ٣٤٧

٣- موسوعة عالم السياسة الجزء/ ١٣،سعد مفرج ولجنة من الباحثيين بيروت -٢٠٠٦ ص٢١٠

٤ـ عبدالرحمن سليمان الزيبارى ـ المصدر السابق ص ٣٤٧

٥ـ شێخ عەبدول، پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئۆفسێتی روناکبیری مەکتەبی رێکخستنی (ی. ن. ك) ٢٠٠٠.

٦- عبدالرحمن سليمان الزيبارى -المصدر السابق ص٣٥٠

٧– عبدالرحمن سليمان الزيبارى -المصدر السابق ص٣٦٥

٨- سایتەکانی ئینتەرنێت:

1-www.mohtawa.org
2-www.aljazeera.net
3-www.ingdz.com
4-www.wikipidia.org
5-www.rtarabic.com
6-www.moqatel.com
7-www.qudsnet.com

# زنجیرەکانی هۆشیاری

| ژ. | ژ. هۆشیاری | بابەت | نووسەر و وەرگێڕ | ساڵی چاپ |
|---|---|---|---|---|
| ٣٤٥ | ١ | کوردەکان و مافی چارەی خۆنووسین | ن. ئیسماعیل بێشکچی<br>و. ڕەوا حاجی | ٢٠١٠ |
| ٣٤٦ | ٢ | سیستمی سیاسی سویسرا | خەلیل عەبدوڵلا | ٢٠١٠ |
| ٣٤٧ | ٣ | ئایین و دەوڵەت لەمیسری سەردەمی محەمەد عەلی پاشادا | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١٠ |
| ٣٥٠ | ٤ | ناوچە جێناکۆکەکان، ئایندەو ئاسۆکانی چارەسەر | تەحسین نامیق | ٢٠١٠ |
| ٣٥١ | ٥ | بەعەرەبکردن و بەجولەکەکردن | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١٠ |
| ٣٥٢ | ٦ | ئایین و ئازادی بیروڕا | ن. عەبدولڕەحمان مونیف<br>و. عوسمان حەسەن شاکر | ٢٠١٠ |



| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٢٥٣ | ٧ | نەتەوە چییە...؟ | ن. ئێرنست ڕینان<br>و. کامیل محمد قەرەداغی | ٢٠١٠ |
| ٣٥٨ | ٨ | پەرلەمان - سەرهەڵدان و پێکهاتەو ئەرکەکانی | ئامادەکردنی عادل عەلی | ٢٠١٠ |
| ٣٥٩ | ٩ | الحصانة البرلمانية في قانون انتخاب برلمان كوردستان - العراق ومشروع دستور اقليم كردستان | د. شۆرش حسن عمر | ٢٠١٠ |
| ٣٦٠ | ١٠ | ئایین و مۆدێرنە | مستەفا مەلەکیان<br>و. لەعەرەبییەوە یاسین عومەر | ٢٠١٠ |
| ٣٦١ | ١١ | المدارس السياسية الثلاثاء في العراق و امكانية التعايش السلمي فيما بينها | فريد اسسرد | ٢٠١٠ |
| ٣٦٥ | ١٢ | پێگەی میدیا لەهەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمریکادا | ڕێبین حەسەن | ٢٠١١ |
| ٣٦٦ | ١٣ | مميزات النظام الفدرالي | د. شورش حسن | ٢٠١١ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٣٦٧ | ١٤ | جیهانگیری ، فاکتەرو گرفتەکانی دیموکراسی | مەلا بەختیار | ٢٠١١ |
| ٣٦٨ | ١٥ | پەیدابوونی عەلمانیەت | فرید اسسرد | ٢٠١١ |
| ٣٦٩ | ١٦ | ئیسلامو مۆدێرنە، ئیسلام لەبەردەم ئەگەری عەلمانیەتدا | ن. محمد رەزا شالگونی<br>و. عوسمان حەسەن شاکر | ٢٠١١ |
| ٣٧٨ | ١٧ | سیاسەتی رووخساری نەتەوەیی کەرکوك | د. نوری تاڵەبانی | ٢٠١١ |
| ٣٧٩ | ١٨ | ئەنفال لەکوردستانی عیراق | ن. مایکڵ لیزنبێرگ<br>و. کارزان محەمەد | ٢٠١١ |
| ٣٨٠ | ١٩ | ئۆپۆزسیۆن لەچەمکەوە بۆ ئەرك | بەختیار جەبار شاوەیس | ٢٠١١ |
| ٣٨١ | ٢٠ | بەشداریکردنی سیاسی | عابد خالد رەسول | ٢٠١١ |
| ٣٨٢ | ٢١ | سیستمی فیدراڵ لەدەوڵەتی ئیماراتدا | ن. عەبدوڵلا عەنزی<br>و. سەردار عبدالکریم | ٢٠١١ |
| ٣٨٣ | ٢٢ | کوردو پرسی دانپێدانانی دەستووری | خەلیل عەبدوڵلا | ٢٠١١ |



| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٢٨٤ | ٢٣ | تیرۆریزم هەڕەشەو مەترسیەکانی | عادل عەلی | ٢٠١١ |
| ٣٨٧ | ٢٤ | سیکۆلاریزم بەزمانی سادە - عەلمانیەت | ن: ئاستین کلاین<br>و. کاوسێن بابەکر | ٢٠١١ |
| ٣٩٥ | ٢٥ | مۆدێلی حزبایەتی لەکوردستان | ئەنوەر حسێن بازگر | ٢٠١١ |
| ٣٩٦ | ٢٦ | فلسفة الدیمقراطیة الاجتماعیة | د. حمید عزیز<br>ترجمة: محسن بني ویس | ٢٠١١ |
| ٣٩٧ | ٢٧ | دەوڵەتشاری دێرین | ن. مۆریس باریە<br>و. عوسمان حەسەن شاکر | ٢٠١١ |
| ٣٩٨ | ٢٨ | ئاینو سیاسەت | ن. نینیان سمارت<br>و. یاسین عومەر | ٢٠١١ |
| ٣٩٩ | ٢٩ | بەجینۆسایدناسینی ئەنفال | ن. خەلیل عەبدوڵلا | ٢٠١١ |
| ٤٠٠ | ٣٠ | جیۆپۆلەتیکی کوردستان | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١١ |
| ٤٠١ | ٣١ | دیموکراسیو بنەماکانی گەشەپێدانی سیاسی | د. حەمید حسین کازم<br>و. عادل عەلی | ٢٠١١ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٤٠٩ | ٣٢ | پۆلێن كردنی هەڵوێستەكان پێش پرۆسەی هەڵبژاردنو دەنگدان | نیاز سەعید عەلی | ٢٠١١ |
| ٤١٣ | ٣٣ | النـضال الدسـتوري للاسـتاذ ابـــراهيم احمـــد في العـــراق الجمهوري | د. شورش حسن عمر | ٢٠١١ |
| ٤١٤ | ٣٤ | كـــــوردو توركمــــــان – تێڕوانینێـــــــك بـــــــۆ میكانیزمـــــەكانی پێكـــەوە ژیانی ئاشتییانەی نێوانیان | یوسف گۆران | ٢٠١١ |
| ٤١٥ | ٣٥ | عەلمانیـــەت چـــیە؟ مانـــاو پێناسەكانی | زاهیر شكوور | ٢٠١١ |
| ٤١٦ | ٣٦ | خوێندنەوەیەك بـۆ فیكـری حەسەن بەننا | عادل عەلی | ٢٠١١ |

## له بڵاوكراوەكانی

## ئەكادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی كادیران

## ساڵی (٢٠١٠ - ٢٠١١)

| ز | بڵاوكراوەكان | نوسەرو وەرگێڕ | ساڵی چاپ |
|---|---|---|---|
| ٣٢٥ | حول الفدرالية ـ النظامان السويسري والعراقي – دراسة مقارنة | كاوسين بابكر | ٢٠١٠ |
| ٣٢٦ | المركز القانوني الدولي للقوات المتعددة الجنسيات في العراق | عبدالصمد رحيم كريم زنگنه | ٢٠١٠ |
| ٣٢٧ | جلال طالباني ـ مواقف و آراء | صلاح بروارى | ٢٠١٠ |
| ٣٢٨ | قراءة البعث للفاشية التأريخية | د. البرت عيسى | ٢٠١٠ |
| ٣٢٩ | ٢٠١٠ ساڵی كۆنگرەی ڕووبەڕووبوونەوە | حاكم قادر حمەجان عزيز | ٢٠١٠ |
| ٣٣٠ | پرۆژەی مەكتەبی بیروهۆشیاری بۆداڕشتنی بەرنامەی (ی. ن. ك) | عوسمان حەمە ڕەشید گوڕون | ٢٠١٠ |
| ٣٣١ | ئاغاو شێخ و دەوڵەت | و. كوردۆ عەلی | ٢٠١٠ |



| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣٣٢ | مێژووی فەلسەفە | و. لەسویدییەوە: عوسمان حەمە ڕەشید گوڕون | ٢٠١٠ |
| ٣٣٣ | طالباني جورج واشنطن العراق | خليل عبدالله ترجمة: حسن شندي | ٢٠١٠ |
| ٣٣٤ | العدالة بين الفلسفة والقانون | اسماعيل نامق حسن | ٢٠١٠ |
| ٣٣٥ | حوارات ونقاشات فكرية وسياسية واجتماعية و إقتصادية | د. كاظم حبيب | ٢٠١٠ |
| ٣٣٦ | المجتمع المدني والدولة، وإشكالية العلاقة | زبير رسول احمد | ٢٠١٠ |
| ٣٣٧ | الطبيعة القانونية لعقد الزواج | زبير مصطفى حسين | ٢٠١٠ |
| ٣٣٨ | ئایین و دەسەڵات | هاشم كەریمی | ٢٠١٠ |
| ٣٣٩ | فیمینیزم | ڕەسول سوڵتانی | ٢٠١٠ |
| ٣٤٠ | سياسة التعريب في قضاء شنكال | بيان محمد سعيد | ٢٠١٠ |
| ٣٤١ | الامن و مستقبل السياسة الدولية | فرهاد جلال مصطفى | ٢٠١٠ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣٤٢ | زنجیرەیەك گفتوگۆی مەدەنی، عەلمانیەت و ئایین، عەقڵ و شەریعەت، كوردو میدیای عەرەبی | ئومێد قەرەداغی | ٢٠١٠ |
| ٣٤٣ | مسرحيات و تحليل | فريدريش دورينمات<br>ت: غسان نعسان | ٢٠١٠ |
| ٣٤٤ | رجعية القانون في الماضي على الجرائم ضد الإنسانية | زانا رفيق سعيد | ٢٠١٠ |
| ٣٤٥ | كوردەكان و مافی چارەی خۆنووسین زنجیرەی هۆشیاری، ژمارە (١) | ئیسماعیل بێشكچی<br>و. ڕەوا حاجی | ٢٠١٠ |
| ٣٤٦ | سیستمی سیاسی سویسرا<br>زنجیرەی هۆشیاری ، ژمارە (٢) | خەلیل عەبدوڵلا | ٢٠١٠ |
| ٣٤٧ | ئایین و دەوڵەت لەمیسری سەردەمی محەمەد عەلی پاشادا<br>زنجیرەی هۆشیاری ، ژمارە (٣) | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١٠ |
| ٣٤٨ | گۆڤاری كەلتور ژمارە (١) | | ٢٠١٠ |
| ٣٤٩ | ڕۆژنامەی كوردی گۆڤاری | ئامادەكردنی: | |



| | | | |
|---|---|---|---|
| | هەولێر ساڵی (١٩٧٠ ـ ١٩٧٢) | د. هیمدادی حوسێن | ٢٠١٠ |
| ٣٥٠ | ناوچە جێناكۆكەكان، ئایندەو ئاسۆكانی چارەسەر، زنجیرەی هۆشیاری، ژمارە (٤) | تەحسین نامیق | ٢٠١٠ |
| ٣٥١ | بەعەرەبكردن و بەجولەكەكردن، زنجیرەی هۆشیاری، ژمارە (٥) | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١٠ |
| ٣٥٢ | ئایین و ئازادی بیروڕا<br>زنجیرەی هۆشیاری، ژمارە (٦) | ن: عەبدولڕەحمان مونیف<br>و: عوسمان حەسەن شاكر | ٢٠١٠ |
| ٣٥٣ | نەتەوە چییە...؟<br>زنجیرەی هۆشیاری، ژمارە (٧) | ن. ئێرنست ڕینان<br>و. كامیل محمد قەرەداغی | ٢٠١٠ |
| ٣٥٤ | خانقين .. حكايات اعوام الرماد | يوسف يوسف | ٢٠١٠ |
| ٣٥٥ | بەعسیزم و سەركوتكردنی ژیان | رامیار مەحمود | ٢٠١٠ |
| ٣٥٦ | الدولة الايوبية في اليمن | د. فرست مرعي | ٢٠١٠ |
| ٣٥٧ | سپینۆزا | ن. هاشم صالح<br>و. ئارام ئەمین شوانی | ٢٠١٠ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣٥٨ | پەرلەمان مێژووی سەرهەڵدان و پێکهاتەو ئەرکەکانی | ئامادەکردنی عادل عەلی | ٢٠١٠ |
| ٣٥٩ | الحصانة البرلمانية في قانون انتخاب برلمان كوردستان ـ العراق ومشروع دستور اقليم كردستان | د. شورش حسن عمر | ٢٠١٠ |
| ٣٦٠ | ئاین و مۆدێرنە زنجیرەی هۆشیاری ژمارە ١٠ | مستەفا مەلەکیان و. لەعەرەبییەوە: یاسین عومەر | ٢٠١٠ |
| ٣٦١ | المدارس السياسية الثلاث في العراق و امكانية التعايش السلمي فيما بينها زنجیرەی هۆشیاری ژمارە ١١ | فريد اسسرد | ٢٠١٠ |
| ٣٦٢ | گۆڤاری کەلتوور ژمارە (٢) | | ٢٠١٠ |
| ٣٦٣ | نوێنەرانی کورد لەیەکەمین خولی پەرلەمانی عیراقی نوێدا | ئامادەکردنی: ساڵح رەحمان | ٢٠١٠ |
| ٣٦٤ | الموسوعة الكرد الصغرى | كنياز ابراهيم ميرزويف ت. عن الروسية: احمد حيدر علي | ٢٠١٠ |



| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣٦٥ | پێگەی میدیا لەهەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمریکادا ،ژ. ز، (١٢) | رێبین حەسەن | ٢٠١١ |
| ٣٦٦ | ميزات النظام الفدرالي في العراق (ژ. ز. ١٣) | د. شورش حسن عمر | ٢٠١١ |
| ٣٦٧ | جیهانگیری ، فاکتەرو گرفتەکانی دیموکراسی، ژ، ز، (١٤) | مەلا بەختیار | ٢٠١١ |
| ٣٦٨ | پەیدابونی عەلمانیەت لەتورکیای عوسمانیدا، ژ. ز. (١٥) | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١١ |
| ٣٦٩ | ئیسلامو مۆدێرنە ، ئیسلام لەبەردەم ئەگەری عەلمانیەتدا (ژ. ز. هۆشیاری (١٦) | ن. محمد رەزا شالگونی و. عوسمان حەسەن شاکر | ٢٠١١ |
| ٣٧٠ | سیاسەتی روسیای قەیسەری بەرامبەر بەکورد (١٨٠٥٠-١٩١٤) | هەستیار کەمال کوردی | ٢٠١١ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣٧١ | المحطات، اثرت في حياة الكورد وحركاتهم القومية | بقلم: عبدالرزاق محمود القيسي | ٢٠١١ |
| ٣٧٢ | کورتە باسێکی فەلسەفەی سیاسی | ن. دەیڤد میلەر و. لەئینگلیزیەوە: کارزان کاوسێن | ٢٠١١ |
| ٣٧٣ | هەواڵنامەی کوردستانی عیراق | ئامادەکردنی : نەوزاد عەلی ئەحمەد | ٢٠١١ |
| ٣٧٤ | ئاغاو شێخو دەوڵەت بەرگی دووەم | ن. مارتین ڤان برونەسن و. لەئەڵمانیەوە: د. کوردۆ عەلی | ٢٠١١ |
| ٣٧٥ | تاريخ الفكر الكردي | ماموستا جعفر ترجمة: د. بندر علي | ٢٠١١ |
| ٣٧٦ | ڕۆژنامەنووسی کوردی لە کوردستانی عیراقدا (١٩٩١-٢٠٠٥) | هەڵەت خەسرەو هەمەوەندی | ٢٠١١ |
| ٣٧٧ | مافی چارەی خۆنووسین لەئەدەبیاتی (ی. ن. ك)دا (١٩٧٥-١٩٩٢) | نەوزاد عەلی ئەحمەد | ٢٠١١ |



| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣٧٨ | سیاسەتی گۆڕینی ڕووخساری نەتەوەیی ناوچەی کەرکوک - ژ. ز. هۆشاری (١٧) | د. نوری تاڵەبانی | ٢٠١١ |
| ٣٧٩ | ئەنفال لەکوردستانی عیراق ژ. ز. هۆشیاری(١٨) | ن. مایکڵ لیزنبێرگ و. کارزان محەمەد | ٢٠١١ |
| ٣٨٠ | ئۆپۆزسیۆن لەچەمکەوە بۆ ئەرك، ژ. ز. (١٩) | بەختیار جەبار شاوەیس | ٢٠١١ |
| ٣٨١ | بەشداریکردنی سیاسی ژ. ز. (٢٠) | عابد خالد ڕەسول | ٢٠١١ |
| ٣٨٢ | سیستمی فیدراڵ لەدەوڵەتی ئیماراتدا، ژ. ز. (٢١) | ن. عەبدوڵڵا عەنزی و. سەردار عبدالكريم | ٢٠١١ |
| ٣٨٣ | کوردو پرسی دانپێدانانی دەستووری | خەلیل عەبدوڵڵا | ٢٠١١ |
| ٣٨٤ | تیرۆریزم هەڕەشەو مەترسیەکان | عادل عەلی | ٢٠١١ |
| ٣٨٥ | چرای ماڵە هەژارەکان | ئامادەکردنی: عەلی جۆلا | ٢٠١١ |
| ٣٨٦ | کەلتور – ژمارە (٣) | | ٢٠١١ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣٨٧ | سيكۆلاريزم بەزمانى سادە - عەلمانيەت | نوسينى : ئاستين كلاين<br>و. لەفارسيەوە:<br>كاوسێن بابەكر | |
| ٣٨٨ | كوردستان | نەوزاد عەلى ئەحمەد | ٢٠١١ |
| ٣٨٩ | دراسة تاريخية وسياسية حول "الشعب الكردي" | تاليف: حسن ارفع<br>ترجمة:عبدالرزاق محمود القيسي | ٢٠١١ |
| ٣٩٠ | كورتەيەك لەتاوانەكانى رژێمى عيراق دژى گەلى كورد | ن: نورى تاڵەبانى<br>و. شاناز رەمزى | ٢٠١١ |
| ٣٩١ | گەشەكردنى سەرمايەدارى لەكوردستاندا | فەريد ئەسەسەرد | ٢٠١١ |
| ٣٩٢ | سياسەت لەنێوان بيرو جێبەجێكردندا | و. مظفر عبدالوهاب | ٢٠١١ |
| ٣٩٣ | كورد گەلێكى بێ دەوڵەت<br>زنجيرە ناميلكەى كورد لەميدياى جيهانيدا، ژمارە(١) | ن. ئينگۆنۆێمايەر<br>و. رێبوار تۆفيق | ٢٠١١ |
| ٣٩٤ | لەديكتاتۆريەوە بۆ ديموكراسى | ن. د. جين شارپ<br>و. كارزان محمد | ٢٠١١ |



| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣٩٥ | مۆدێلى حزبايەتى لەكوردستان<br>ژ. ز. هۆشيارى (٢٥) | ئەنوەر حسێن بازگر | ٢٠١١ |
| ٣٩٦ | فلسفة الديمقراطية الاجتماعية<br>ژ. ز. هۆشيارى (٢٦) | د. حميد عزيز<br>ت: محسن بنى ويس | ٢٠١١ |
| ٣٩٧ | دەوڵەتشارى دێرين<br>ژ. ز. هۆشيارى (٢٧) | ن. مۆريس باريية<br>و. عوسمان حەسەن شاكر | ٢٠١١ |
| ٣٩٨ | ئاينو سياسەت<br>ژ. ز. هۆشيارى (٢٨) | ن. نينيان سمارت<br>و. ياسين عومەر | ٢٠١١ |
| ٣٩٩ | بەجينۆسايدناسينى ئەنفال<br>ژ. ز. هۆشيارى ، ژ(٢٩) | خەليل عەبدوڵڵا | ٢٠١١ |
| ٤٠٠ | جيۆپۆلەتيكى كوردستان<br>ژ. ز. هۆشيارى (٣٠) | فەريد ئەسەسەرد | ٢٠١١ |
| ٤٠١ | ديموكراسىو بنەماكانى گەشەپێدانى سياسى | د. حەميد حسين كازم<br>و. عادل عەلى | ٢٠١١ |
| ٤٠٢ | ثورة كوردستان ومتغيرات العصر (الطبعة الثالثة) | حكمت محمد كريم<br>(ملا بختيار)<br>ترجمة ومراجعة:<br>د. بندر علي اكبر | ٢٠١١ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٤٠٣ | ئەرکەکانی خەبات لەهەلومەرجێکی دژواردا | مام جەلال | ٢٠١١ |
| ٤٠٤ | کێشەی شیعەو سوننە کورتەباسێکی مێژوویی | ن. د. عەلی ئەلوەردی و. عارف کەریم | ٢٠١١ |
| ٤٠٥ | فەلسەفەی سیاسی ئەریستۆتێلیس | ئەمیر حسێن رەحیم | ٢٠١١ |
| ٤٠٦ | جیهانگیریو کاریگەری لەسەر سەروەری دەوڵەت | ن. عوسمان حەسەن شاکر | ٢٠١١ |
| ٤٠٧ | بەشداری سیاسی، چەمكو گرفتەکان | عادل عەلی | ٢٠١١ |
| ٤٠٨ | رێکخراوی سۆسیالیست (S.I) ئینتەرناسیۆنال | محەمەد مێرگە سۆری | ٢٠١١ |
| ٤٠٩ | پۆلێنکردنی هەڵوێستەکان پێش پرۆسەی هەڵبژاردنو دەنگدان، ز. هۆشیاری، ژ(٣٢) | نیاز سەعید عەلی | ٢٠١١ |
| ٤١٠ | بەهاری عەرەبیو نەورۆزی سەربەخۆیی | ستران عەبدوڵلا | ٢٠١١ |
| ٤١١ | قوتابخانەی فرانکفۆرت | و. عوسمان حەمە رەشید گورون | ٢٠١١ |



| | | | |
|---|---|---|---|
| ٤١٢ | حدود كوردستان الجنوبية في سنجار حتى بدرة | عبدالرقيب يوسف | ٢٠١١ |
| ٤١٣ | النضال الدستوري للاستاذ ابراهيم احمد في العراق الجمهوري ز. هۆشیاری، ژ(٣٣) | د. شورش حسن عمر | ٢٠١١ |
| ٤١٤ | کوردو تورکمان، تێڕوانینێك بۆ میکانیزمەکانی پێکەوە ژیانی ئاشتیانەی نێوانیان، ز. هۆشیاری، ژ(٣٤) | یوسف گۆران | ٢٠١١ |
| ٤١٥ | عەلمانیەت چییە؟ ماناو پێناسەکانی، ز. هۆشیاری، ژ(٣٥) | زاهیر شکوور | ٢٠١١ |
| ٤١٦ | خوێندنەوەیەك بۆ فیکری حەسەن بەننا | عادل عەلی | ٢٠١١ |